مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# تمظهرات النسق السياسي في الشعر الكردي، في ضوء النقد الثقافي

م.سروه طاهر علي
rwa.ali@uoh.edu.iq
قسم اللغة الكردية، كلية التربية شهرزور، جامعة حلبجه
أ.د. علي طاهر حسين
Ali.hussein@univsul.edu.iq
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات/ جامعة سليمانية

**الكلمات المفتاحية**: النقد الثقافي، النسق، الأنساق المضمرة، العنف، الهيمنة

**كيفية اقتباس البحث**

علي , سروه طاهر , حسين , علي طاهر , تمظهرات النسق السياسي في الشعر الكردي، في ضوء النقد الثقافي،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

"Manifestations of Political Patterns in Kurdish Poetry: In Light of Cultural Criticism."

**Srwa tahir ali, (lecture)**

**Kurdish Department, Sharazwr College of Education, Halabja University**

**Srwa.ali@uoh.edu.iq**

**Ali tahir husssein, (professor)**

**Kurdish Department, College of Language, University of Sulaimany**

**Ali.hussein@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Criticism, Culture, Pattern, Violence, Hegemony.

**How To Cite This Article**
Ali , Srwa tahir , husssein , Ali tahir , "Manifestations of Political Patterns in Kurdish Poetry: In Light of Cultural Criticism." ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This research is derived from a PhD thesis titled "Manifestations of Political Patterns in Kurdish Poetry: In Light of Cultural Criticism." It attempts to uncover the deep and hidden layers within Kurdish poetic texts. The primary objective is to expose the political patterns and cultural flaws that conceal themselves behind the text's explicit meanings and aesthetic features, remaining invisible on the surface. Adopting a (Descriptive-Analytical-Cultural) method, the study aims to provide an

objective, dispassionate reading of the text through the lens of Cultural Criticism. This represents a significant shift from conventional literary readings; unlike traditional criticism, which prioritizes aesthetic and rhetorical aspects, this research seeks to discover hidden political and cultural systems—an area that has received limited attention in Kurdish literature to date. Manifestations of Political Texture in Korean Poetry In the light of cultural criticism, we have tried to identify the political texts of poetic texts from the perspective of cultural criticism.

ملخص:

تُعد هذه الدراسة، المُستلّة من أطروحة الدكتوراه الموسومة بـ (تمظهرات النسق السياسي في الشعر الكردي، في ضوء النقد الثقافي)، محاولةً للكشف عن الطبقات العميقة والمضمرة داخل النص الشعري الكردي. يتمثل الهدف الرئيس للدراسة في إبراز تلك الأنساق السياسية والعيوب الثقافية التي توارت خلف المعاني الظاهرة وجماليات النص، والتي لا تُرَى في القراءة السطحية. وقد اعتمدت الدراسة المنهج (الوصفي–التحليلي–الثقافي)، إذ تسعى عبر النقد الثقافي لتقديم قراءة موضوعية للنص نائيةً عن العاطفة. ويشكل هذا العمل انعطافةً في القراءة الأدبية السائدة؛ فبخلاف النقد التقليدي الذي يُعنى بالجوانب الجمالية والبلاغية، تتقصى هذه الدراسة المنظومات السياسية والثقافية الخفية التي لم تحظَ بالاهتمام الكافي في الأدب الكردي حتى الآن. مظاهر النسيج السياسي في الشعر الكوري في ضوء النقد الثقافي، حاولنا تحديد النصوص السياسية للنصوص الشعرية من منظور النقد الثقافي.

**دەرکەوتەکانی نەسەقی سیاسی لە شیعری کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا**

**سروه طاهر عەلی، (مامۆستا)**

**بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە**

**د.عەلی تاهیر حسێن، (پرۆفیسۆر)**

**بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی**

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە کە هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە بە ناونیشانی (دەرکەوتەکانی نەسەقی سیاسی لە شیعری کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ڕۆشنبیری)دا، هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی چینە قوڵ و شاراوەکانی نێو دەقی شیعریی کوردی. ئامانجی سەرەکی لێرەدا دەرخستنی ئەو نەسەقە سیاسی

و خەوشــە ڕۆشــنبیرییانەیە کە لە پشــتەوەی واتــا ئاشــکرا و جوانکارییەکـانی دەقــدا خۆیـان حەشــارداوە و بە شــێوەی ڕوکەش نــابینرێن. تــوێژینەوەکە میتــۆدی (وەســفی-شــیکاری-ڕۆشــنبیری)ی پەیڕەوکــردووە، دەیەوێــت لە ڕێگەی ڕەخــنەی ڕۆشــنبیرییەوە خوێنــدنەوەیەکی بابەتی و دوور لە سۆز بۆ دەق بکات. ئەمەش وەرچەرخانێکە لە خوێندنەوەی باوی ئەدەبی، چونکە بە پێچەوانەی ڕەخنەی تەقلیدی، کە گرنگی بە لایەنی ئێستاتیکی و ڕەوانبێژی دەدات، ئەم توێژینەوەیە بەدوای دۆزینەوەی سیستەمە سیاسی و ڕۆشنبیرییە شاراوەکانەوەیە، کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە.

وشە کلیلەکان: (ڕەخنە، ڕۆشنبیری، نەسەق، توندوتیژی ، هەژموون).

١/٠) پێشەکی:

لە دونیای ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، دەق ئەدەبی تەنها بریتی نییە لە ڕیزکردنی وشەکان بە شێوەیەکی هونەری، بەڵکو بریتییە لە گۆڕەپانێک کە تێیدا نەسەقە ڕۆشنبیرییەکان ململانێ دەکەن. ئەم نەسەقانە کە هەندێک جار بە ڕوونی (ئاشکرا) و زۆرجاریش بە شێوەی بێئاگا (شاراوە) خۆیان لە دەقدا دەشارنەوە، ناسنامەی ڕاستەقینەی دەق دیاری دەکەن. جیاوازیی ئەم میتۆدە لەگەڵ ڕەخنەی ئێستاتیکی ئەدەبی لەوەدایە کە ڕەخنەی ئەدەبی سەرقاڵی جوانکارییە، بەڵام ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەدوای ئەو هێزە شاراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەدا دەگەڕێت کە دەقەکەیان بەرهەم هێناوە. لێرەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت بە ناونیشانی **(دەرکەوتەکانی نەسەقی سیاسی لە شیعری کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا)**، کە تێیدا هەوڵ دەدرێت تیشک بخرێتە سەر نەسەقە سیاسییە چەسپاوەکان لە شیعری کوردیدا.

**٢/٠) پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە و لە سێ پارە، ئەوانیش: چەمک و پێناسەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری، مێژووی سەرهەڵدانی و تایبەتمەندیەکان و خەوشەکانی، پاشان بەشی دووەم کە بەشێکی پراکتیکییە و نەسەقە سیاسییەکانمان خستۆتەڕوو، لە نێویاندا دەسەڵات و هەژموون و توندوتیژیمان باسکردوە نموونەی پێویست بۆ هەریەکەیان خراوەتەڕوو.

**٣/٠) سنووری توێژینەوەکە:**کارمان لە شیعری شاعیرانی کوردی لە سنوری ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٠) کردوو.

**٤/٠) بایەخی توێژینەوەکە:** لەبەرئەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بابەتێکی گرنگی نێو ئەدەبی کوردییە، دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لەنێو ئەدەبی کوردیدا توێژینەوەی پێویستی لەسەر نەکراوە، لەبەر گرنگیی بابەتەکە بەپێویستمان زانیوە توێژینەوەی لەبارەوە بکەین.

**٥/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:** دەرکەوتەکانی نەسەقی سیاسی لە شیعری کوریدا، لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، هەوڵماندوە لە ڕوانگەی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە، نەسەقە سیاسیەکانی دەقی شیعری دەستنیشانبکەین.

**١/١) ڕەخنەی ڕۆشنبیری چییە؟**

ڕەخنەی ڕۆشنبیری پرۆژەیەکی مەعریفیی کراوە و فرەڕەهەندە کە سنورە باوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەبەزێنێت. ئەم ڕێبازە خۆی لە قالبێکی میتۆدیی دیاریکراودا قەتیس ناکات، بەڵکو ستراتیژێکی تێکەڵە پەیڕەو دەکات، لەبەرئەوەی دەق جیهانێکی فراوانە و هیچ میتۆدێکی تاکلایەنە دەرەقەتی گەمارۆدانی نایەت، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ڕەخنەی هاوچەرخ دانی پێداناوە. هەر وەک (ارثر ایزابرجر) دەڵێت: (ڕەخنەی ڕۆشنبیری چالاکییەکە و بوارێکی مەعریفی تایبەت بەخۆی نییە) (ایزابرجر، ٢٠٠٣: ٣٠). هێزی ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەوەدایە کە سنوورەکان دەبەزێنێت و خۆی لە یەک چوارچێوەی ئەکادیمیدا قەتیس ناکات ئەم سروشتە کراوە و فرەڕەهەندەی وای لێدەکات، ببێتە ڕەخنەیەکی فرە میتۆد و تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبدا نەمێنیتەوە، سود لە زۆربەی بوارەکانی وەک سۆسیۆلۆژیا وئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فیمینیستی ....هتد، وەربگرێت توانای شیکردنەوەی دیاردە ئاڵۆزەکانی جیهانی هاوچەرخی هەبێت بە شێوەیەکی گشتگیرتر. ئەمڕۆ باوی قەتیسکردنی دەق نەماوە لە چوارچێوەی یەک میتۆد دا، چونکە هەموو سوچ و پەنایەکی دەق پێویستی بە چرا و ئامرازێکی جیاوازە بۆ ڕۆشنکردنەوە. ئێمە لە زەمەنی کرانەوەی میتۆدەکان و تێپەڕاندنی تاک ڕەهەندیدا دەژین. کە سوود لە سەرجەم کایە مەعریفییەکانی وەک مێژوو، کۆمەڵناسی، و دەروونناسی وەردەگرێت. ڕەخنەی ڕۆشنبیری ئەو ڕەوتانەن، کە ئامانجیان دەرخستنی ئەو شێوازە هزرییە باوانەیە، کە لە ژێر پەردەی جوانیناسیدا خۆیان حەشارداوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیە هەوڵدەدات لە دەرەوەی وشەکان و فۆڕمی باو و بە بێ گوێدانە ئەوەی دەقەکە لە ڕووی هونەری و ئیستاتیکییەوە ئاستێکی بەرزی هەیە یان نا، گرنگییەکی زۆر دەدات بە گوتار و بیرۆکە و ماناکان. هاوکات ئەم ڕەوتە، ئارەزوو و مەیلیان دەرچوونە لە چوار چێوەی فۆرم و ڕەوانبێژی گەوهەری جوانکاری لەناو دەق ئەدەبیدا. هەروەها بینین و سەرنجدانی ئەو دەقەیە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو باگراوەندە هزری ڕۆشبیرییەی، کە نووسەر بەرهەمیهێناوە. بە پێچەوانەی فۆرمالیست و بونیادگەرەکان، کە تەنها لەسەر دەق دەوەستان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی گشتی میتۆدەکان زۆر دۆگمایی و داخراوبوون؛ بۆ نمونە مارکسیزم تەنها لە ڕووی چینایەتییەوە دەقی دەبینی، دەرونشیکاری تەنها گرێ دەروونییەکانی دەبینی، بونیادگەری تەنها پەیوەندی وشەکانی دەبینی. بەڵام دوای هاتنی (پۆست-مۆدێرنیتە)، ئەو باوەڕە نەما کە یەک کلیل هەبێت بتوانێت هەموو دەرگاکان بکاتەوە. دنیا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەق ئاڵۆزترە لەوەی تەنها بە یەک ڕەهەند تەماشا بکرێت. (ڕەخنەی ڕۆشنبیری توێژینەوە نیە لە خودی ڕۆشنبیری، بەڵکو گەڕان و توێژینەوەیە لە چالاکییەکانی مرۆڤ کە ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیرین و ڕۆشنبیری ڕۆڵی هەیە لە بەرجەستە کردنی ئەو چالاکییانەدا). (الخلیل، ٢٠١٣: ٧). واتە ڕەخنەی ڕۆشنبیری ڕەخنەیە لە گوتاری ڕۆشنبیری و نەسەق و بونیادە شاراوەکان، کە لە ژێر پەردەی تێکستەکاندا کەڵەکەبوون و نیشتوون، هەروەها ئەدەبیات بە ڕۆشنبیرییە نەگوتراوەکان دەبەستێتەوە و دەق و گوتار دەکاتە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لەو پێکهاتە ڕۆشنبیرییانەی، کە لە نائاگایی زمانەوانی و ئەدەبی و جوانیناسیدا چەسپاون، لێرەوە ڕۆشنبیری و مەعریفەی شاعیران سەبارەت بە کولتوور و ئاین و سیاسەت و دەخرێتە ژێر پرسیار و گومانەوە. دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ڕۆشنبیری پێچەوانەی ڕەخنەی ئەدەبییە، ڕەخنەی ئەدەبی هەمیشە سەرقاڵی لایەنە جوانی و هونەرییەکانی دەقە، گرنگی بەو دەقانە دەدات، کە خاوەنی توانستی ئیستاتیکا و ڕەوانبێژین، تەنها ئەو دەقانە بە دەقێکی باڵا دەزانێت، کە خۆیان بە جوانیناسیەوە خەریککردووە، هەروەها گرنگی بە دیوی دەرەوەی دەق دەدات و خۆی بە جوانی ڕەوانبێژی فۆڕم هونەرەکانی دەقەکەوە سەرقاڵدەکات،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ناتەواوییەکانی گوتاری دەق فەرامۆش دەکات. بەڵام ڕەخنەی ڕۆشنبیری زیاتر گرنگی بە دیوە شاراوەکانی دەق ئەدەبی دەدات، کە لە ڕووکەشدا دەرناکەون و لە ژێر پەردەی ڕەوانبێژی وفۆڕمدا شاردراونەتەوە، کەواتە ڕەخنەی ڕۆشنبیری، "ڕەخنەیە لە گوتاری ڕۆشنبیری و لە سیستم و بونیادە شاراوەکان"، ( ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٠٣). ڕەخنەی ڕۆشنبیری گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە دونیایی ڕەخنەدا، کە لە گرنگیدان بە دەقی جوان بۆ گرنگیدان بە دەق وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەڕوات. بۆ نمونە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی، کە سەیری دێرە شیعرێکی نالی دەکات، کە وشەی (زوڵف)ی بەکار هێناوە، ئەگەر وشەی (زوڵف) لە ڕوانگەی ئەم دووجۆرە ڕەخنەیەدا لێکبدەینەوە، ئەوا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە ڕوی ڕوخسارەوە تەماشا دەکرێت، بە شێوەیەکی هونەری هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکە دەکریت و دەوترێت: (زوڵف) چ وێنەیەکی جوانی دروستکردووە شاعیر بە شێوەیەکی هونەری ئێستاتیکی بەکارهێناوە، بەڵام لە گوتاری ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، ڕەخنەگر دەپرسێت: بۆچی لەم  دەقەدا ژن تەنها وەک جەستە و (زوڵف) و (ئەبرۆ) دەبینرێت؟ وە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە تەماشا دەکرێت، بەدوای نەسەقە شاراوە ڕۆشنبیری و  کلتوریەکانیدا دەگەڕێن، کە لەپشت بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە دەقانەوەیە.

سەبارەت بە مێژو و سەرەتای دەرکەوتنی ڕەخنەی ڕۆشنبیری وەک جێگرەوەیەکی  ڕەخنەی ئەدەبیی، دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژە تیۆرییەکانی ڕەخنەگری ئەمریکی(ڤینسێنت بی. لیچ)، کە یەکەم کەس بوو لە ساڵی (١٩٩٢) دا پێشنیاری ڕەخنەی ڕۆشنبیری کرد، و کتێبێکی لەم بوارەدا بڵاو کردەوە، بەناوی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری، تیۆریی ئەدەبی، پۆست-بونیادگەری) ناوی ڕەخنەی ڕۆشنبیری پێشنیار کرد بۆ پرۆژەکەی، کە هاوتای زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم و بونیادگەری بوو، (لیچ) ئارەزووی بە توێژینەوەی گوتار بوو لەژێر ڕۆشنایی مێژوو و کۆمەڵگە و سیاسەت و دامەزراوەگەریدا، هاوکات دیدی سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر بنەمای مامەڵەکردن بوو لەگەڵ دەق و گوتارەکانی ئەدەب، بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها بەدواداچوون بۆ شێوازە نەسەقە ڕۆشنبیرییەکان دەکات، و سیستمی پەیوەندیکردنیان لە ناوەڕۆک و کاریگەری ئاماژەیدا هەڵدەسەنگێنێت، (خلیل،٢٠١٣: ١١). لیچ لەم پرۆژەیەدا بنەمایەکی فیکریی دانا کە تێیدا دەق لە کەرەستەیەکی هونەریی و ئێستاتیکیی پەتییەوە گۆڕی بۆ بەڵگەنامەیەکی دامەزراوەیی و سیاسی، و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەقەکان بەر لەوەی جوانبن، هەڵگری ئایدۆلۆژیا و پەیوەندییەکانی هێزن، دواتر ئەم پرۆژە ڕەخنەییە لە ڕێگەی ڕەخنەگری سعودی (عەبدوڵلا غەزامی) یەوە گوازرایەوە بۆ ناو کایەی فیکریی عەرەبی. غەزامی لە کتێبی (ڕەخنەی و خوێندنەوەیەک بۆ نەسەقە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان)، لێرەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی (لیچ)ی لەسەر خۆی ڕاگەیاند، بەڵام تەنها بە وەرگرتنی تیۆرەکە ڕازی نەبوو، بەڵکو هەستا بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و بەخۆماڵیکردنی میتۆدەکە. غەزامی بە زیرەکییەوە ئامرازەکانی (لیچ)ی، کە بۆ خوێندنەوەی دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان داڕێژرابوون دەستکاری کرد و گونجاندی لەگەڵ میراتی شیعریی عەرەبیدا،  هاوکات نهێنییەکانی (کەسایەتیی دیکتاتۆر و عەقڵیەتی کۆنەپارێزی) لە مێژووی عەرەبدا ئاشکرا بکات و تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجام بدات. بەمەش غەزامی میتۆدەکەی لە ڕەخنە لە دامەزراوە لای لیچەوە گۆڕی بۆ ڕەخنە لە نەسەق لای خۆی.

ڕەخنەی ڕۆشنبیری بریتییە لە پرۆسەی دۆزینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەسەقە بنەڕەتییانەی، کە گوتار ئاڕاستە دەکەن. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ڕەخنەی ئەدەبیی

پەتییدا باوە، ئەم میتۆدە لە جیاتی ئەوەی دەق وەک پێکهاتەیەکی جوانیناسیی ڕووت تەماشابکات، وەک گۆڕەپانێکی ململانێ لێی دەڕوانێت. لە لایەکەوە بەدوای ئەو سەمایەدا دەگەڕێت کە دەق لەگەڵ دامەزراوەکاندا دەیکات، دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوە و هەڵوێستوەرگرتن وەک لای (لیتچ) دەبینرێت، لە لایەکی تریشەوە وەک هەڵگرێکی نەسەق ڕۆشنبیری لێیدەڕوانێت، کە دواجار لایەنە جوانکاری و ڕەوانبێژییەکەی دەبنە هۆی شاردنەوەی ناوەڕۆکە شاراوەکان و تووشبوون بە (کوێریی کولتووری)، کە تێیدا خوێنەر بە ڕواڵەتی دەقەکە فریو دەخوات، وەک لای (غەزامی) دەبینرێت.

## ٢/١) تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری:

هەموو میتۆد و تیۆرییەکی ڕەخنەیی چەندین تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە چوارچێوەی ئەو تایبەتمەندییانەدا لە دەق ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، ڕەخنەی ڕۆشنبیریش بوارێکی فراوانی توێژینەوە و شیکارییە، تەنها لە چوارچێوەی ئەدەبدا نامێنێتەوە، هەموو دیاردە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە وەک (فیلم، مۆسیقا، ریکلام، دابونەریت)ەکانیش، کە کاردەکەنە سەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان. تایبەتمەندییەکانیش بریتین لە:

١- **فراوانکردنی چەمکی دەق:** ڕەخنەی ڕۆشنبیری تەنها مامەڵە لەگەڵ کتێب و دەقی نووسراودا ناکات، بەڵکو دیاردەی ڕۆشنبیری وەک دەقێک تەماشا دەکات، کە دەکرێت بخوێندرێتەوە و شیکاربکرێت، هەروەها تێڕوانینی فراوانی بۆ چالاکیە مرۆییەکان هەیە بە جۆرێک "کۆی چالاکیە مرۆییەکان بتوانن لە ڕێی ڕەخنەی کولتورییەوە بچنە ناو بازنەی توێژینەوەوە. لێرەوە ڕەخنەی کولتووری ڕوانگەی خۆی تەنیا لەسەر ئەوە کورتناکاتەوە، کە ئەمە ئەدەبی جەماوەرییە، یان ئەدەبی دەستەبژێرییە، بەڵکو ئەوگرنگی بە کۆی بوارەکان دەدات، بەتایبەت ئەو دەق و بەرهەمانەی پەراوێزخراون، یان فەرامۆشکراون" (مەنتک، ٢٠٢٣: ٢٠) واتە ڕەخنەی ڕۆشنبیری بە بوارێکی دیاریکراوەوە سنوردارناکرێت، بەڵکو دەتوانێت بچێتە ناو گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بابەتە ڕۆشنبیرییەکانەوە هەیە.

٢- **گشتگیری:** ڕەخنەی ڕۆشنبیری سنوری نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبەزێنێت، لە یەک کاتدا سوود لەبوارە جیاوازەکانی وەکو (مێژوو، کۆمەڵناسی، ئەنثروپۆلۆژی، فەلسەفە، زمان و دەروونناسی) وەردەگرێت. ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە دەچێتە نێو دەقی ئەدەبی بۆئەوەی گشتگیربێت و هەموو چین و توێژەکانی ژیان و کۆمەڵگە بگرێتە ئامێزی خۆی، هەروەها دەیەوێت ڕەخنە لە تەنها بوارێک بگوازێتەوە بۆ ناو بوارە جیاوازەکان و دەرهێنانی سیستەمە کولتوورییەکانی ناو دەقی ئەدەبی، بەمەش بەهای نوێی ڕەخنەیی بەدەستدەهێنێت" (خضر و محمد، ٢٠٢٣: ٢٥). بەمشێوەیە دەتوانێت شیکارییەکی قووڵ و هەمەلایەن پێشکەشبکەین، توێژینەوەی دەق لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەئەنجامدەگەیەنێت.

٣- **دوالیزمی:** ڕەخنەی ڕۆشنبیری زۆرجار ئەو دوالیزم و دابەشکارییانە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە یەکێکیان بەرزتر دەکەنەوە بەسەر ئەویدیکەیاندا وەک (ڕۆشنبیری باڵا بەرانبەر ڕۆشنبیری جەماوەری، سپی بەرانبەر ڕەش، پیاوسالاری بەرانبەر ژنسالاری .... هتد. )

**٤-گرنگیدان بە ڕۆڵی وەرگر:** ڕەخنەی ڕۆشنبیری تەنیا لە خودی بەرهەمەکە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو گرنگی بەوەش دەدات خەڵک چۆن ئەم بەرهەمە وەردەگرن و مانای پێدەبەخشن و لێکدانەوەی بۆ دەکەن. وەرگر تەنها کەسێکی نادیار نیە، بەڵکو دەتوانێت مانای نوێ و تەنانەت پێچەوانەش بەرهەمبهێنێتەوە.

**٥-داهێنان:** مەبەست لە توانای ڕەخنەگرە بۆ بەرهەمهێنانی شیکردنەوە و تێڕوانینی نوێ، چونکە "ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەردەوام هەوڵی دۆزینەوە و ئاشکراکردن و داهێنان دەدات، یان ڕوانگەکان بۆ دۆزینەوەی لایەنی جوانیناسییانەی نوێ ئاڕاستەدەکات، جا چ لە دەق ئەدەبیدا بێت، یان لە واقیع بێت، وەک دەقێکی گشتگیر. هاوکات بەها و نرخەکەی لە سیاقی فیکری مرۆڤایەتیدا دەخاتەڕوو، هەر لەبەرئەوەیە مەیدانی ڕەخنەی کولتووری مەیدانێکی ئازادە، چونکە بە شێوەیەکی فراوان چالاکییەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت" (مەنتک، ٢٠٢٣: ٢١). ڕەخنە نابێت تەنها لە چوارچێوەی وشە و کتێبدا قەتیس بمێنێت، بەڵکو دەبێت بێتە ناو ژیانی ڕاستەقینەوە و هەموو جووڵەیەکی مرۆڤ وەک دەقێکی کراوە سەیر بکات، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی نوێ و بەهای نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بدۆزێتەوە.

### ٣/١) خەوشەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری:

سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەرگایەکی گرنگی بۆ تێگەیشتنی قووڵتری لە جیهان کردووەتەوە و ئامرازێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا. بەڵام وەک هەر بوارێکی دیکە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە و کۆمەڵێک خەوش و لاوازی هەیە لێرەدا بەخاڵ دەیانخەینەڕوو:

**١-گرنگینەدان بە لایەنی جوانیناسی:** لەبەرئەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە لایەنی هزری سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی دەدات و کەمتر گرنگی بە لایەنی هونەری و ئیستاتیکای دەقەکان دەدات و ئەمانەش دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی بەشێکی گرنگ لە شیکردنەوەی دەق ئەدەبی. ئەمەش یەکێکە لە کەموکورتییەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری، چونکە ئەمە وا دەکات ڕەخنەکە تەنها لە یەک گۆشەنیگا و ڕەهەندەوە سەیری بەرهەمەکە بکات و ئاڕاستە ڕەوانبێژی و هونەرییەکانی دیکە فەراموش بکات، هاوکات نەنگییەکی دیکەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەقە ئەدەبییەکان لەڕووی ئاستەکانی گەمەی زمانەوانی و ئیستاتیکای ئەدەبی و شیعری وەلادەنێت و پشتگوێیاندەخات و بەرەو دەرەوەی دەق دەچێت. واتە لە تێگەیشتنی دەقەوە بۆ توێژینەوە لەبارەی ڕۆشنبیری و دەرخستنی سیاقەکانی دەرەوەی خۆی دەگۆڕێت. (سامر، ٢٠١٧: ٦).

**٢-سنورداركردنی چەمکی دەق:** ڕەخنەی ڕۆشنبیری، زۆرجار چەمکی دەق بەرتەسکدەکاتەوە و تەنها وەک بەرهەمێکی ڕۆشنبیری و کولتووری تەماشایدەکات. ئەمانەش لە کاتێکدایە، کە ڕەخنەی ئەدەبی چەمکی دەق بە شێوەیەکی فراوانتر و قووڵتر دەبینێت، دەق وەک بەرهەمێکی هونەری و گەمەی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و بوارێکی داهێنەرانە دەبینێت، کە چەندین لایەنی جیاوازی تێدایە، وەک لایەنەکانی زمانەوانی، دەروونی، کۆمەڵایەتی ..هتد.

**٢- پشتگوێخستنی زمان :**ڕەخنەی ڕۆشنبیری زۆرجار گرنگی بە زمان نادات و زمان تەنها وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیام تەماشادەکات، لە کاتێکدا زمان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە و گرنگی بە شێوازی نووسین، دەربڕین، وێنە ئەدەبییەکان و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەدات، کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، لەبەرئەوە پشتگوێخستنی زمان لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێکی گرنگ لە شیکردنەوەی دەق. چونکە زمان سیستەمێکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا و گوتار لەگەڵ ئەوەی ئامرازێکیشە بۆ گەیاندنی پەیام.

**٤- ناڕوونی لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا:** یەکێک لە باوترین ڕەخنەکان کە لەم میتۆدە دەگیرێت ئەوەیە، کە زمانێکی ئەکادیمی ئاڵۆز و تەمومژاوی بەکاردەهێنن. تا ئەو ڕادەیەی دیوارێک لە نێوان ڕەخنەگر و خەڵکی ئاساییدا دروستدەکەن، کە بڕیارە ڕەخنەکە بیانگاتێ هۆشیاریانبکاتەوە. ئەمەش وایکردووە ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەجیاتی ئەوەی ئامرازێکی کراوە و ئاسان و ئازادیبەخشبێت، بووەتە بوارێکی داخراو و گروپگەلی تایبەت و دەستەبژێری . (کاتێک ڕەخنەگرانی سەر بە ڕەوتی ڕەخنەی ڕۆشنبیری، لە نێوان خۆیاندا بە زمانێکی ناڕوون لەگەڵ یەکتر دەدوێن، یان پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، دەبینین بە زمانێک قسەدەکەن، کە بەرەو ناڕوونی دەچێت. تێگەیشتن لێی گرانە، بۆ نموونە (جاک دێریدا) بە شێوازێکی ناڕوون دەنووسێت، تەنانەت دەوترێت دێریدا و نووسەرانی دیکە بە ئەنقەست بە شێوازێکی ناڕوون دەنووسن، کە تێگەیشتن لێی گرانە، خۆ ئەگەر ڕەخنە لە بیرۆکەکانیان بگریت و هێرش بکرێتە سەریان دەتوانن بەرگری لەم بابەتە بکەن و بڵێن لە بۆچوون و هزرەکانیان بە هەڵە تێنەگەیشتوون. (حمد، بدون سنە: ٤٤٦)، نموونەی نووسینەکانی (جاک دێریدا)، نموونەیەکی باشە بۆ ئەم جۆرە نووسینە ئاڵۆزە، هەرچەندە بیرۆکەکانی زۆر گرنگ و کاریگەرن، بەڵام زۆرجار زمانەکە ئەوەندە ئاڵۆزە، کە تەنها کەسانی پسپۆڕ دەتوانن لێی تێبگەن. هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە، کە ئەمە پێویستە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان، بە پێچەوانەشەوە هەندێک پێیانوایە ئەمە خەوشێکە، چونکە لە گەیشتنی پەیامەکە بە خوێنەر ڕێگرە.

ئەمانە بوونەتە ڕەخنە و ئاڕاستەی ئەم میتۆدە کراون، لەبەرئەوە گرنگە نووسەران هاوسەنگییەک بدۆزنەوە لە نێوان قووڵی بیرۆکەکان و ڕوونی دەربڕینەکاندا، بە شێوەیەک خوێنەر بتوانێت تێبگات و سوودی لێوەربگرێت.

**٥- نەبوونی میتۆدۆلۆژیا:** بە هۆی فرە مەودایی و کایەی جیاوازی ڕەخنەی ڕۆشنبیری، میتۆدۆلۆژیایەکی دیاریکراو و یەکگرتووی نییە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە و دەوترێت بەهۆی زۆری بەکارهێنانی میتۆد تیایدا، ناڕوون و شپرزە و پشێو دەردەکەوێت، چونکە ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەتوانێت پشت بە سەرجەم میتۆدەکان ببەستێت، لەوانە ئەو میتۆدانەی، کە فۆرمالیستەکان و بونیادگەرەکان بە میتۆدی بەسەرچوو ناویاندەبرد، وەک میتۆدی سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و مێژوویی...، پەنایدەبردەبەر میتۆدەکانی پاش بۆنیادگەری و بەتایبەتی لە خوێندنەوەی تێکستدا پشتی بە بۆچوون و کارەکانی (بارت و دێریدا و فۆکۆ) دەبەست). (ئەسوود، ٢٠٠٩: ٣). ڕەخنەی ڕۆشنبیری سوود لە ئامرازی جۆراوجۆر وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنەی ئاڕاستە

دەکرێت. هەندێک بیرمەند و ڕەخنەگر پێیانوایە ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەڕووی میتۆدۆلۆژیاوە لاوازە و میتۆدێکی جێگیر و هاوسەنگی تایبەت بە خۆی نیە و پێویستی بە پەرەپێدانی و گەشەپیدانی زیاتر هەیە.

**٦- نزیکی و تێکەڵبوونی زاراوە و ئامرازەکانی ڕۆشنبیری:**

لە کایەی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، زاراوەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، و هەڵگری یەک ناوەڕۆکن و یەک واتا دەبەخشن، بۆ نموونە (واتا نەسەقییەکان، ئەرکی نەسەق، خوازەی گشتگیر، نەسەق شاراوە، ڕستەی ڕۆشنبیری، نووسەری دووانەیی....هتد)، ئەم زاراوانە لە کاتی پراکتیزەدا یەک فرمان جێبەجێدەکەن، ئەویش ئاشکراکردنی نەسەقە شاراوەکانی دەقە.

**7- ڕاگەیاندنی مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی:** وەک ئاشکرایە ئەمە بۆ بۆچوونەکەی (عەبدوڵڵا غەزامی) دەگەڕێتەوە، و جەخت لە مردنی ڕەخنەی ئەدەبی دەکاتەوە، پێیوایە ڕەخنەی ئەدەبی کاتی بەسەرچووە، کاتی ئەوە هاتووە دەقەکان لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا لێکبدرێنەوە ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەلای (عەبدوڵلا غەزامی) دەبێتە جێگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی، بەو پێیەی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ئەم سەردەمەی ئەمڕۆمان، ئەرکەکانی خۆی تەواوکردووە و چیدی بەکەڵکی خوێندنەوەی نەسەقە شاراوەکانی دەق نایەت .بەڵام هەر زوو ئەم بۆچوونەی غەزامی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوویەوە، چونکە (عەبدوڵلا غەزامی) دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت ڕێبازی ڕەخنەیی هەیە و هێشتا بەردەوامن و بەرهەمیان هەیە، وەک (نیشانەناسی، جوانیناسی وەرگرتن، هێرمۆنیۆتیکا)، لەبەرئەوە ڕەخنەی ڕۆشنبیری ناتوانێت ببێتە جێگرەوەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. (حمداوی، ٢٠٠٣: ١٣١). ڕەخنەی ڕۆشنبیری زیاتر خۆخەریککردن و خۆبەستنەوەیە بە کایەکانی دەرەوەی دەق و ئەو هزر وئایدۆلۆژیا و بیرۆکە زانستییانەی واتا و مەبەستی دەقەکەیان بەرهەمهیناوە، بۆیە دەتوانین ڕەخنەی ڕۆشنبیر بە ڕەخنەی (کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی) ناوزەندبکەین، ئەمەش بە خاڵێکی لاواز و خەوشی ڕۆشنبیری دادەنریت.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ڕەخنەی ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی دوو ڕێبازی جیاوازن، کە هەریەکەیان خاڵی بەهێز و لاوازی خۆیان هەیە. ڕاستە ڕەخنەی ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری لەسەر شێوازی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان هەبووە و هاوکاربووە لە دۆزینەوەی پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان دەق و کۆمەڵگا و هەروەها یارمەتیدەر بووە لە تێگەیشتنی قووڵتر لە پەیامە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو و بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ڕەخنەگران خوێنەران هاوسەنگییەک لە نێوان شیکردنەوەی ڕۆشنبیری و شیکردنەوەی ئەدەبی ڕابگرن، بۆئەوەی نە لایەنی هونەری و جوانیناسی دەقەکان فەرامۆشبکرێت و نە گرنگی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێبخرێت.

**١/٢) نەسەقی سیاسی:**

نەسەقی سیاسی بریتییە لەو نەسەقە شاراوە و جێگیربووەی ناو زمان و ئەدەب و هونەر، کە بە شێوەیەکی نائاگای هانی تاک دەدات بەرەو ملکەچی، پیرۆزکردنی تاک (سەرکردە) و قبوڵکردنی ستەمکاری. لە دوای دەیەی شەستەکانەوە، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٠، ڕێبازەکانی پۆست ستراکچەرلیزم و ئاراستە هاوشێوەکانیان، هەوڵیان داوە دەق و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە چوارچێوەی ڕەخنەیی نوێدا دووبارە بخوێننەوە. ئەم ئاراستەیانە بە شێوەیەکی ڕوون ئامانجیان هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ستەمکاری، نایەکسانی و ئەو توندوتیژییانەی کە زۆرجار لە ژێر ناوی زانستی و ئەکادیمی دا ئەنجام دراون. بەم مانایەدا، پەیوەندی ئەدەب بە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک یەکێک لە بنچینە گرنگەکانی توێژینەوە ئەدەبییەکان دەردەکەوێت، هەرچەندە هەندێک ئاراستە گەڕانەوەیی لەم بوارەدا هێشتا بەردەوامە. (الفونسو، ٢٠١٧: ٤٠٧). ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئاشکراکردنی ئەو نەسەقە سیاسییە شاراوەیەی کە ساڵانێکی زۆر لەژێر پەردەی بێلایەنیی زانستی و ئەکادیمیدا کاری کردووە. وەک چۆن (ئێدوارد سەعید) جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ دەقێک بێگەرد نییە لە کاریگەرییەکانی دەسەڵات، ئەم دەقەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەرکی ڕێبازە دوای-بنیوەرییەکان بریتییە لە هەڵتەکاندنی ئەو نەسەقە دامەزراوەییانەی کە ڕەوایەتیان بە ستەمکاری و نایەکسانی داوە. بۆیە پەیوەندی ئەدەب بە سیاسەتەوە لێرەدا پەیوەندییەکی ڕووکەش نییە، بەڵکو گۆڕینی ئەدەبە لە کاڵایەکی جوانکارییەوە بۆ چالاکییەکی ڕۆشنبیری، کە ئامانجی لێدانە لەو سیستەم و نەسەقە سیاسیانەی کە توندوتیژی بەرهەم دەهێن.

میشێل فۆکۆ یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکان کە تێڕوانینی جیهانی بۆ(دەسەڵات و سیاسەت) گۆڕی، کاتێک لە ڕوانگەی فۆکۆوە سەیری نەسەقی سیاسی دەکەین لەناو ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، بابەتەکە لە حزب و حکومەتەوە دەگوازرێتەوە بۆ (مەعریفە و زمان و جەستە). یان دەسەڵات لەهەرەمەوە دەگوازێتەوە بۆ تۆڕ و پێیوایە دەسەڵات لە هەموو شوێنێکە. ئەو پێی وایە دەسەڵات شتێک نییە تەنها لە کۆشکی سەرۆکایەتی، و لای سوڵتان یان دەوڵەت بێت، باوەڕی بە شێوازە کلاسیکیەکە نیە، بەڵکو دەسەڵات لە پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان، زمان، و کولتووردا ئامادەیە، هەر بۆیە دەڵێت: "سیاسەت لەناو خێزان و لەناو پەیوەندییە ناکسانەکانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک و تەنانە لەناو پەیوەندی هاوڕێیەتیشدا ئامادەیە، ئەمەش وا دەکا شتە تایبەتەکان شتی تایبەت نەبن بە تەنها، بەڵکو شتی سیاسی و گشتی بن لەم ئاستەدا مرۆڤ بوونەوەرێکە ڕۆژانە و بە شێوەیەکی بەردەوام لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەخلاق و سیاسیدایە". (قانع، ٢٠١٧: ٦٣). ئەو تێگەیشتنە ڕەت دەکاتەوە کە دەسەڵات تەنها لای سەنتەرێکی دیاریکراو بێت، بەڵکو دەچێتە ناو خوێن و دەمار و جوڵەی جەستەی تاکەکانەو لەبەرئەوە دەتوانین بڵێن "ڕەفتاری سیاسی ئەو پەیوەندییانەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ تاک، یان لەگەڵ گرووپ ئەنجامیدەدات، ئەو پەیوەندییانەش هاوکارین، یان پەیوەندی ململانێ، تاک هان دەدەن بۆ بیرکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکیی سیاسی، کە ئەمەش لە هەڵوێست و ئارەزووە سیاسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، کە ڕەفتاری سیاسی دەکرێت، کارێکی پلان بۆ داڕێژراو بێت، یان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێپلان بێت، یان بەشێک بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان لەناو کۆمەڵدا بە مەبەستی کاریگەری

دروستکردن لەسەر حکومەت و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن". (حەمەفەرەج، ٢٠٢٤: ٤١). ڕەفتاری سیاسی تەنها دەنگدان نییە، بەڵکو هەر جۆرە پەیوەندی و چالاکییەکە چ ڕێکخراو بێت یان خۆڕسک، کە ئامانجی ئەوە بێت دەنگی تاک یان گرووپ بگەیەنێتە دەسەڵات و بەشداری بکات لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە وڵاتدا. واتە ئەو نەسەقانە دروست دەکات، کە ئێمە ئاسایی وەریان دەگرین. واتە دەسەڵات لە بچووکترین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەیە (وەک پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆش، یان لەناو دەقێکی شیعریدا) هەر بۆیە "سیاسەت بە لای فۆکۆ بەشێکە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، جا چ لە فۆرمی قبوڵکردنی ئەو پەیوەندییانە نەدابێت بە شێوازی جیاواز، یان لە فۆرمی بەرگریکردن و قبووڵنەکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان. سیاسەت بەو مانایەی تەنها بەشێک نییە لە ژیانی گشتی و چالاکییەکانی ناو رووبەری گشتی، بەڵکو بەشێکیشە لە ژیانی تایبەت و لە ڕووبەرە شەخسییەکان ئامادەیە". ( قانع، ٢٠١٧: ٦٢). پێیوایە سیاسەت تەنها بریتی نییە لە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت وەک (پۆلیس، دادگا، پەرلەمان)، بەڵکو سیاسەت لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت. هەر شوێنێک پەیوەندییەک هەبێت و تیایدا لایەنێک کاریگەری لەسەر لایەنێکی تر هەبێت، ئەوە پەیوەندییەکی دەسەڵاتە و سیاسەتە.

ئەرکی ڕەخنەی ڕۆشنبیری لێرەدا بەدوای ئەو نەسەقە سیاسیانەدا دەگەڕێت، کە چۆن دەقەکان ڕاستییەکیان دروست کردووە کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدایە. یان لابردنی ماسکی جوانییە لەسەر دەقەکان بۆ نموونە: چۆن مێژوونووسین وایکردووە ستەمکارێک وەک شۆڕش گێڕێک دەربکەوێت، ئەمە نەسەقێکی سیاسییە کە لە ڕێگەی مەعریفەوە سەپێنراوە. بەکورتی نەسەقی سیاسی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا لێکۆڵینەوە نییە لە خودی سیاسەت، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆشنبیری و کولتووری دروستکردنی ستەمکار لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا بەتایبەتی و هونەر بەگشتی، کە ئەوانیش بە کۆمەڵێک ئامراز خۆیان وێنا دەکەن ئەوانیش بریتین لە (زمانێکی فریودەر، پیرۆزکردنی دەسەڵات، بێدەنگکردنی بەرامبەر، دابەشکردنی جیهان بۆ ڕەش و سپی، و دروستکردنی ئەفسانە)، هەموو ئەمانە یەک ئامانجیان هەیە بەرهەمهێنانی ملکەچی بە ڕەزامەندیی خودی کەسەکە. ئەگەر دیکتاتۆر و خۆسەپێن تەنها کەسێک نییە بە تفەنگەوە، بەڵکو دێڕە شیعرێکە، چیرۆک و ڕۆمانێکە، یان گۆرانییەکە، کە فێرمان دەکات بێدەنگ بین، ملکەچ بین و چاوەڕێی پاڵەوانێک بین ڕزگارمان بکات. لەبەرئەوە تا ئەو نەسەقە لەناو ڕۆشنبیریدا نەسڕێتەوە، گۆڕینی سیستەمی سیاسی سوودی نابێت، چونکە دروستکەر و بەرهەمهێنەرەکە ئەو ڕۆشنبیریی و کولتوورەیە، کە هێشتا هەر کار دەکات. ئەم نەسەقە دابەش ئەبێت بەسەر چەند بەش و شێوەیەکدا لێرەدا هەوڵدەدەین بە نموونەی پێویست بابەتەکە بخەینەڕوو:

**٢/٢) دەسەڵات و هەژموون:** دەسەڵات یەکێکە لە دیارترین دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەر دامەزراوە. دەسەڵات بەتەنها بریتی نییە لە توندو تیژی، بەڵکو بریتییە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردن، ئامرازێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک مرۆڤ بتوانن پێکەوە بژین و کار بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک،

کە بە تەنها نایەنە دی. لەبەرئەوە "دەسەڵات فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی هێز هەوڵ و چالاکییەکانی تاکەکان ئاراستە دەکات و بەرەو هێنا مانەدی ئامانجە تایبەتیی و گشتییەکانی کۆمەڵگەیان دەبات"، (ئەلحەسەن، ٢٠١٢:٢٤٠). دەسەڵات بریتی نییە لە وەستاندنی خەڵک، بەڵکو بریتییە لە جوڵاندنی خەڵک، لە پێناو بەردەوامی و هێشتنەوەی خۆی. هەروەها لای سپینۆزا "دەسەڵات دوو ڕووی هەیە یە کە لێک جیا دەکرێنەوە، ئەویش دەسەڵاتی ئەوەی کە کاریگەریت هەبێت و دەسەڵاتی ئەوەی کە بکەویتە ژێر کاریگەرییەوە، بەرهەمهێنان و هەستیاری". (ڕەفیق، ١٩٩٨: ٩٢) واتە لای سپینۆزا، مرۆڤی بەهێز ئەو کەسە نییە کە تەنها زەبر بەکار دەهێنێت، بۆ هێشتنەوەی خۆی، بەڵکو ئەو کەسەیە، کە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ کارلێککردن لەگەڵ جیهان. بە ڕای (فۆکۆ) "دەسەڵات ئەو تۆڕەیە، کە لەناو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی فەرهەنگی و مەعریفی تایبەتەوە دێت و خودی ئەو پێکهاتەیە وەک گشتێک دروستکەر و بەکارهێنەر و پارێزەریشن"، (قانع، ٢٠٠٠: ٩٧). فۆکۆ پێمان دەڵێت بەدوای دەسەڵاتدا مەگەڕێن لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵکو دەسەڵات وەک تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیە وهەموو ژیانمانی تەنیووە، ئێمە لە دەرەوەی دەسەڵات نین، بەڵکو ئێمە بەشێکین لەو تۆڕە، هەم قوربانین و هەم جەلاد، هەم بەکارهێنراوین و هەم بەکارهێنەرین. هەروەها دەڵێت: "دەسەڵات شتێک نییە بە دەست بهێنرێ، یان ببیتە خاوەنی، یان دابەش بکرێ، بەبڕوای ئەو دەسەڵات شتێکی ڕەمزاوییە کە هەم بینراوە، هەم نەبینراوە، هەم ئامادەیە، هەم پەنهان، هەموو شوێنێکی تەنیوە"، (بەرزنجی، ٢٠٠٥، ٦٢). دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندی و کردە ناتوانیت بڵێیت من دەسەڵاتم هەیە، چونکە دەسەڵات لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا دروست دەبێت.هەروەک ڤۆڵتێریش دەڵێت:" دەسەڵات بریتییە لەوەی ئەوانی دی وا لێدەکات بەپێی ویست و ئیرادەی من کار بکەن"، (ئارینت، ٢٠١٠: ١١).

بەڕایی (هۆبز)ش "دەسەڵات بە تەنها لەناو سنووری هێزە فیزیکییەکاندا نییە، بەڵکو لەناو سنووری هەر تایبەتمەندیەتییەکدایە کەوا لە مرۆڤ دەکات، تا بەرژەوەندی خۆی کار لەسەر جیهان بکات"، (بەرزنجی، ئازاد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ڕەشەکان، کۆمەڵە وتار ،چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٦٥). واتە لای هۆبز دەسەڵات نابێت لە هێزی ماسولکەدا سنوردار بکرێت، بەڵکو تایبەتمەندیەکی وەک (ناوبانگ)یش دەسەڵاتە، چونکە وا دەکات خەڵکی تر ملکەچ بن، یان خۆشەویست بیت، ئەمەش بەرژەوەندی تۆی تێدایە.

دەسەڵات لە سەردەمی پێش مۆدێرنەدا، واتە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، دەسەڵات موڵکی تایبەتی پاشا بوو، جیاوازییەک لە نێوان سامانی دەوڵەت و گیرفانی پاشادا نەبوو. هەروەها دەسەڵات لە ڕێگەی میرات، نەک هەڵبژاردنەوە دەگوێزرایەوە، لێهاتووی مەرج نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کوڕی کێیت. پەیوەندییەکە بریتی بوو لە فەرمانکردن لە سەرەوە و گوێڕایەڵبوون لە خوارەوە، وەک چۆن باوک حوکمی ماڵەوە دەکات. تەکنیکی کۆنترۆڵکردن سزای جەستەی بوون (سەربڕین، لەسێدارەدان لە پێش چاوی خەڵک)، هەروەک (میشێل فۆکۆ)ش دەڵێت: "دەسەڵات لە کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنەدا پشتی بە نیشاندانی هێز دەبەست و ڕاستەوخۆ لەسەر سزادان و تێکشکاندنی جەستە کاریکردووە و لەدوای مۆدێرنەوە لەسەر دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی". (قانع، ٢٠٠٠، ٩١)، **ئامانج** لێی ئەوە بوو ترس بخاتە دڵی خەڵکەوە تا یاخی نەبن. بە پێچەوانەی مۆدێرنە کە هەوڵی چاکسازیی دەروونی دەدات لە زیندانەکاندا. کاتێک باس لە چەمکی دەسەڵات دەکەین، مەبەستمان لەو هێزە ڕووتەیە کە لە

ڕێگەی یاسا و دامەزراوەکانەوە پیادە دەکرێت، دەسەڵات بریتییە لەوەی فڵان کەس یان فڵان دەوڵەت توانای فەرماندانی هەیە، بەڵام لە سیاسەتی مۆدێرندا، خاوەن دەسەڵاتەکان تەنها بە فەرمانکردن ڕازی نین، ئەوان دەیانەوێت دەسەڵاتەکەیان ڕەگ دابکوتێت و ببێتە بەشێک لە کولتوور و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا. کاتێک دەسەڵات لە قۆناغی سەپاندنەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی قبوڵکردن و باڵادەستیی، لێرەوە دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ هەژموون. هەژموونیش لە واتایەکی سادە و گشتیدا، ئاماژەیە بۆ زاڵبوونی لایەنێک وەک دەوڵەت یان حکومەت بەسەر لایەنێکی تردا وەک گەل یان دەوڵەتانی تر. "دەستەواژەی (هەژموون) یان (سوڵتەوی) لە واتا گشتییەکەیدا کە ئەمڕۆ لە گوتاری سیاسی و کولتووری ئاماژەیە بۆ (زاڵبوون یان چاودێرییەکی توند کە لەلایەن تاکەکەس، گەل، یان دامەزراوەیەکەوە بەسەر کەسانی تردا دەسەپێنرێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لایەنی زاڵ. بۆ نموونە دەوترێت دەوڵەتی فلانی هەژموونی جیهانی هەیە، یان حکومەت هەژموونی بەسەر گەلەکەیدا هەیە. لە ڕەگ و ڕیشە یۆنانییەکەیدا، ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ سەرکردایەتی و فەرمانڕەوایی، چونکە وشەی (Egemon) بە واتای حاکم یان سەرکردە دێت. ئەم چەمکە لە ناوەندە ڕۆژئاواییەکاندا لە ڕێگەی چەندین ڕەوت و قوتابخانەی وەک (ڕەخنەی مارکسی‌ـ)، (خوێندنی کولتووری)، (گوتاری داگیرکاری) و (ڕەخنەی فێمێنیستی) بڵاو بووەوە). (خلیل،٢٠٢٢: ٦٣٣). توانای سەپاندنی دەسەڵات و بەرژەوەند نەک بە دار و قامچی، بەڵکو بە داگیرکردنی بیرکردنەوە و کولتوور و بەهاکان، تاوەکو ژێردەستەکە بە ویستی خۆی ملکەچی دەسەڵاتەکە بێت. "هەژموونی ڕۆشنبیری ئاماژەیە بۆ ڕۆشنبیرییەکی باو و باڵا دەست و بەهێز، لە دۆخێکی وادا ڕۆشنبیرییەکانی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ڕۆشنبیرییە باڵا دەستەوە، مەرج نییە ئەم زاراوەیە هەمیشە هەڵگری مانایەکی نێگەتیڤ بێت، هەژموونی ڕۆشنبیرییەکی کراوە و هیۆمانیزمانە، و دەلالەتێکی پۆزەتیڤ ببەخشێت". (ئەسوەد، ٢٠٢٥: ٤٧٩). هەموو هەژموون و کاریگەرییەکی دەرەکی خراپ نییە. ئەگەر ڕۆشنبیرییەک بەهۆی بەهێزیی لە بەها مرۆییەکان و زانست و کراوەییدا زاڵ بوو بەسەر ڕۆشنبیرییەکانی تردا، ئەوا ئەمە پێی دەوترێت (شارستان و پێشکەوت)، نەک داگیرکاری. بۆ نمونە ئەگەر هەژموونی ڕۆشنبیرییەک بووە هۆی ئەوەی لە وڵاتێکی تردا مافی ژنان پارێزراو بێت، یان ئەشکەنجەدان قەدەغە بکرێت، ، ئەوا ئەمە جۆرێکە لە هەژموون، بەڵام هەژموونێکی پۆزەتیڤە، چونکە ژیانی مرۆڤەکان بەرەو باشتر دەبات. هەر لەبەرئەوە ئەم چەمکە واتایەکی قووڵتر و ئاڵۆزتری وەرگرت لە ڕێگەی کارەکانی بیرمەندی ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی.)، هەژموون جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردن لە ڕێگەی ڕەزامەندییەوە. واتە چینە باڵادەستەکان دیدگای خۆیان بەسەر چینەکانی تردا دەسەپێنن بە جۆرێک کە چینەکانی خوارەوە وا هەست بکەن ئەم بارودۆخە شتێکی سروشتی و گونجاوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیا و خوێندن و ئاینەوە. واتە (لای گرامشی.) هەژموون تەنها بە واتای سیاسی ڕاستەوخۆ نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی دیدگایەک بۆ جیهان و سروشت و پەیوەندییە مرۆییەکان بڵاو دەبێتەوە، کە ڕۆشنبیران یان دامەزراوە کولتوورییەکان دایان دەڕێژن. ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری، کە جیاوازە لە مارکسیزمی کلاسیک، چونکە لێرەدا گۆڕانکاری لە سەرخان کولتوور و بیرۆکەکان ڕوودەدات، بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر گۆڕینی ژێرخان پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا باوە)، (خلیل، ٢٠٢٢: ٦٣٣).

ئێمە دەقە شیعرییەکان وەک بەڵگەنامەیەکی ڕۆشنبیری دەخوێنینەوە و ئامانجمان ئەوە نییە لایەنە ئیستاتیکییەکەی شیعرەکان دەربخەین، بەڵکو دەمانەوێت بزانین هەژموون چۆن وەک

هێزێکی پەنهان و ڕەمزاوی خۆی لەناو زمان، هێما، و وێنە شیعرییەکاندا حەشار داوە. لە شیعری هاوچەرخدا، دەسەڵات چیتر ئەو باوکە میهرەبانە نییە کە وڵات دەپارێزێت، بەڵکو دەبێتە دێوەزمەیەک، کە ئازادیی تاک دەخوات. بۆیە دەبینین دەقە نوێیەکان پڕن لە شکاندنی تابووەکان، سووککردنی سیمبۆلە فەرمییەکان، و هەڵاتن لە ناوەندەوە بۆ پەراوێز. پاشان لەوێوە دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە کە ئایا شاعیری هاوچەرخی کورد چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەژموونی باڵادەست کردووە؟ ئایا ملکەچی گوتاری باو بووە یان گوتارێکی دژەهەژموونی بەرهەم هێناوە؟ هەروەک (ع. ح.ب) وێنای ئەو ڕۆشنبیریە سیاسیەی کورددەکات کە چۆن داهاتی گشتی لە پێناو خۆش گوزەرانی خۆیان قۆرغ دەکەن و دەڵێت:

لێرە ڕابواردن و گەشت

بۆ خاوەن دەسەڵاتە

بۆ پارەدارە بەهەشت

جەهەنم شوێنی لاتە

لە وڵاتی وێرانا

لەناو کەڕ وکوێرانا

ئەمە رای ڕابەرانە

بۆیە مردن هەرزانە (ع ح ب، ٢٠١٣: ٢٩٤). ئەم دەقە وێنەی هەژموونێکی ستەمکاری بازرگانی دەکێشێت. دەرخەری ئەو نەسەقەیە، کە دەسەڵات نیشتمانی کردووە بە دوو بەش، بەهەشتی دەسەڵاتدار و جەهەنەمی هاوڵاتی، ئەم دەقە ڕووە ڕاستەقینەکەی دەسەڵاتێک دەردەخات، کە لە قۆناغی بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە گواستراوەتەوە بۆ قۆناغی تاڵانکردنی چێژخوازانە کە تێیدا مانەوەی دەسەڵات گرێدراوە بە هەرزانبوونی مەرگی هاوڵاتییانەوە. لەم سیستەمەدا ژیانی ئینسان بەهای نییە. کاتێک دەڵێت (مردن هەرزانە)، واتە دەسەڵات هیچ باکی بە لەدەستچوونی ڕۆحی هاوڵاتییان نییە چ لە ڕێگەی (خزمەتگوزاری خراپ، شەڕ، یان برسێتی). ڕابەرەکان پێیان وایە خەڵک زیادەن و بوونیان گرنگ نییە. بەکارهێنانی دەستەواژەی (کەڕ و کوێر) دەکرێت دوو تەفسیر هەڵبگرێت: ڕەخنەیە لە کۆمەڵگایەک کە بێدەنگ و ملکەچە کوێرە لە ئاست مافەکانی، یان ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەژموونەی دەسەڵات، کە دەیەوێت خەڵک (کوێر) بن تا نەبینن چی دەگوزەرێت. ئەمە نەسەقی بەکۆیلەکردنە ، کە تێیدا زانین و بینین دەبنە تاوان یان مەترسی. یان دەڵێت:

منداڵێکی چواردە ساڵە

گیراو و وتیان تاوانبارە

گەورەی دادگای زەردەواڵە

وتی بیدەن لە سێدارە

دایک و باوکی هانایان برد

بەڵکوو بیبەخشن ساوایە

وتیان گەورە و بچووکی کورد

مـل قرتانـدنی ڕەوایە (ع.ح.ب، ٢٠١٣، ٣١١) ئەم دەقە لە ڕوانـگەی ڕەخنەیـیەوە پەردە لەسـەر نەسـەقی دەسـەڵاتی داگـیرکەری تۆتالیـت هەڵـدەماڵێت. ئەو نەسەقەی کە تێیدا هەڵگری کۆدێکی سیاسی و کولتووریی ترسناکە، کە سیستمێکی ستەمکار پێناسەی ژیان و مردن دەکات. دەقەکە گێڕانەوەیەکی چڕی مێژووی ئەنفال و جینۆسایدە، کە تێیدا جەستەی کورد بە منداڵ و گەورەوە لەلایەن هەژموونی باڵادەستەوە بە حەڵاڵ کراو بۆ کوشـتن. لەگەڵ ئەوەشـدا لە لـۆژیکی مـافی مرۆییـدا، منـداڵی ١٤ سـاڵان یـان مێردمنـداڵە و بەرپرسیارێتی یاسایی تەواوی نییە .بەپێی یاسا ئەو منداڵە تەمەنی یاسایی نییە بۆ ئەوەی ئەو سزایە وەربگرێت. بۆیە ئەو دادگایەی لە شیعرەکەدا باسی دەکرێت، دادگایەکی یاسایی نییە، بەڵکـو میتـافۆرە بۆکوشـتارگە، کە تێیـدا بڕیارەکـان سـیاسی و ڕەگەزپەرسـتانەن، نەک یاسـایی. کاتێک دەڵێت گەورە و بچـووک، واتە ئەم دەسـەڵاتە هەوڵی بـڕینەوەی ڕەگ و ڕیشـە دەدات. کوشتنی منداڵ واتە کوشتنی ئایندە. ئەم نەسـەقە سیاسییە ئامانجی تەمبێکردن نییە، بەڵکو ئامانجی بنەبڕکردنە. (ئەبو بەکر عەلی) لە هەژموونی دەسەڵات یاخی دەبێت و دەڵێت:

من شاعیری

وڵات نیم

سەدان شەو پۆلیسەکانی

جرت و

تف و

لیسەکانی..

خوا و

ئەستێرە و

خۆشەویست و

شـیعرەکانمیان ..ڕاونـابێ...(عەلی،٢٠١٠: ٣٧). ئەم دەقە لە ، مانفێسـتێکی دژەهەژموونـە. شاعیر تێیدا، شەرعییەتی ئەخلاقی لە دەسەڵات دەسێنێتەوە بە بەکارهێنانی وشەی زبر، پاشان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

پیرۆزییە ساختەکانی دەسەڵات (ئاینی و سیاسی) ڕووت دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە سایەی سیستەمێکی پۆلیسیدا، شیعر و جوانی هەمیشە لە دۆخی ڕاوکردن و هەڵهاتندان، بۆیە پەناگەی کۆتایی تەنها پایزە نەک دامەزراوە فەرمییەکان. ئەمە دەرخەری ئەو نەسەقە سیاسییە، کەدەسەڵات هەمیشە هەوڵ دەدات شاعیر و ڕۆشنبیران بکاتە بەشێک لە ئامێری ئایدۆلۆژیی دەوڵەت، شاعیری دەوڵەتیش واتە شاعیری دەسەڵات بوون، واتە وتنەوەی ئەوگوتارەی کە دەسەڵات و سیستەم دەیانەوێت.

بۆیە لێرەدا شاعیر دەستبەجێ ناسنامەی فەرمی ڕەت دەکاتەوە. یاخی دەبێت لە دژی ئەو هەژموونەی کە دەیەوێت هەموو دەنگێک بکاتە دەنگی دەسەڵات. شاعیر دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو نامۆیە بەم وڵاتەی ئێستا، چونکە وڵاتەکە لەلایەن هێزێکی دیکەوە داگیرکراوە نەک داگیرکەری دەرەکی، بەڵکو داگیرکەری ناوخۆیی. ئەم نەسەقە پێمان دەڵێت دەسەڵاتی تۆتالیتا هەژموونی بەسەر پیرۆزییەکانیشدا هەیە، تەنها جەستە کۆنترۆڵ ناکات، بەڵکو دەست دەگرێت بەسەر (دامەزراوە ئاینییەکان)یشدا. (قوبادی جەلیزادە) سەبارەت بە هەژموون و بالادەستی حیزب لای تاکی کورد دەڵێت:

من لە حیزبە گەورەکان و ئێوەش لە حیزبە بچووکەکان

تۆ سێ کۆبوونەوە ئامادە نابیت

من سێ مانگ ئابوونە نادەم

من و تۆ دەیان جار ئیستیقالە تەقدیم دەکەین

کەچی کە شەڕ لە نێوانی ڕەنگەکانێ هەڵدەگیرسێ،

من و تۆ لە خەتی پێشەوەی شەڕگەدان

عەوداڵی خوێنی یەکترین

عەوداڵی سەری یەکترین

عەوداڵی شەرەفی یەکترین

(جەلی زادە، قوبادی، ٢٠٠٥: ٣٧٣). یەکێکە لە قوڵترین دەقەکان بۆ تێگەیشتن لە سایکۆلۆژیای تاک لەناوکایەی حیزبیی کوردیدا. هەژموونی حیزبە گەورەکان تەنها ئەوە نییە کە دەسەڵاتیان بەدەستە، بەڵکو ئەوەیە کە کولتووری سیاسییان سەپاندووە. خەوشە سیاسییەکە لێرەدا ئەوەیە: حیزبە گەورەکان مودێلێکیان بۆ سیاسەت دروستکردووە کە بریتییە لە (ملکەچی، شەڕ، و سڕینەوە). حیزب سەرکەوتوو بووە لەوەی تاک بسڕێتەوە کۆیلە دروست بکات. ئەوانەی دوێنێ ئیستیقالەیان دەنووسی، ئەمڕۆ ئامادەن بمرن بۆ هەمان ئەو سەرکردەیەی کە لێی ناڕازی بوون. ئەم دەقە ڕەخنەیە لەوە دەگرێت کە ئێمە لەبەردەم یەک نەسەقی سیاسی داین بە دوو ڕوخسارەوە. حیزبی بچووک قوربانیی هەژموونی حیزبی گەورە نییە بە تەنها، بەڵکو قوربانیی ئەوەیە کە (کەوتۆتە داوی یارییەکەی ئەوانەوە). کاتێک شەڕی ڕەنگەکان

دەستپێدەکات، ئیدی ڕەنگ نامێنێت و هەمووی دەبێت بە ڕەنگی خوێن. ئەمەش گەورەترین شکستی ڕۆشنبیری و مەدەنییەتی کۆمەڵگایە.

### ٣/٢) توندوتیژی:

توندوتیژی تەنها دیاردەیەکی ئاسایی یان ڕووداوێکی تێپەڕ نییە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا، بەڵکو یەکێکە لە ئاڵۆزترین ئەو چەمکانەی کە ڕەگێکی قوڵی لە مێژوو، دەروونناسی، و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەیە. ئەم دیاردەیە فرە ڕەهەندە و سنورەکانی تەنها لە ئازاری جەستەییدا کورت نابنەوە، بەڵکو دەکرێت لە فۆرمی بێدەنگدا وەک توندوتیژی ڕەمزی یان پێکهاتەیی دەرکەوێت کە ئامانج لێیان داڕماندنی شکۆ و سەپاندنی دەسەڵاتە بەسەر بەرامبەردا. لەبەرئەوە "توندوتیژی بریتییە لە پرۆسەیەکی نێگەتیڤ، یەکێک لە دیاترین دەرکەوتەکانی بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی ناڕەوا و ناقانونی بۆ ئازاردانی ئەوی دیکە، یان ئەوانیدیکە. وشەکە ئینگلیزییە (Violence) لە بنەڕەتدا لە وشەی (Violare) کۆنی گریگەوە وەرگیراوە بە واتای ئازارپێگەیاندن و پێشێلکاری دێت"، (ئەسوەد، ٢٠٢٥: ١٢٤). کە زمانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن کۆتایی دێت و زمانی سەپاندن و ئازاردان دەست پێ دەکات. ئەوەی توندوتیژی دەکات، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هێزەوە کەمییەکانی خۆی یان دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و کەرامەتی مرۆڤەکان. هەروەها بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان "توندوتیژی بریتییە لە هەر کارێکی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسی- کە بە فیعلی پرۆسە بکرێت، یان هەڕەشەی ئەنجامدانی بکرێت"، (ئەسوەد، ٢٠٢٥: ١٢٥). لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی دیدگای فەیلەسوفانەوە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم دیاردەیە تێبگەین بۆنمونە (سیگمۆند فرۆید) توندوتیژی وەک غەریزە دەبینێت و دەڵێت: توندوتیژی شتێک نییە لە دەرەوە بێت بۆمان، بەڵکو لە ناخماندایە .توندو تیژی = دوژمنکاری و "ئەم دوژمنکارییە سروشتییە یەکێک لە خەسڵەتەکانی مۆرکی وێنە باوەکەی مرۆڤمان پیشان دەدات، ئەو ئارەزوەیمان دەخاتە پێش چاو، کە بە خۆڕسکی حەزی لە ڕکەبەریکردنە، بۆیە کاتێک هێزە ئاکاریەکان ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە و دەیگەڕێننە دواوە، کە پەکی دەخەن، ئەوکاتە ئیتر دوژمنکاریەکە بەشێوەیەکی خۆبەخۆ دەردەکەویت و گیانلەبەریکی دڕندە لەناومرۆڤدا ئاشکرا دەکەن، کە هیچ بەهایەک بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆی دانانێت"، (فرۆم،٢٠١٣: ١٣٩). ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە توندوتیژی تەنها هەڵەیەک نییە لە پەروەردەدا، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ کە پێویستی بە کۆنترۆڵکردن هەیە. ئەوەی وادەکات ئێمە یەکتر نەکوژین، خۆشەویستییەکی سروشتی نییە بۆ یەکتر، بەڵکو ترسە لە سزا یان شەرمە لە ئاکار، هەر کاتێک ئەو ترس و شەرمە نەما، سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ کە پڕە لە ڕکەبەری و خۆسەپاندن دەردەکەوێت. بەڵام (ئیمیل دورکهایم) ڕای جیاواز لە فرۆیدی هەیە و پێییوایە، توندوتیژی تەنها پاڵنەرێکی کوێرانەی بایۆلۆجی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە مانا و چەمکەکەی لەناو کلتوور و ڕۆشنبیری و بەهاکانی کۆمەڵگادا دروست دەبێت و دەڵێت "توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لە دنیایی تاکەکەس و گروهەکانی ناو کۆمەڵگا و بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی کۆمەڵایەتی. ئەم ئامادەگییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانە وایکردووە هەموو کۆمەڵگایەک تێڕوانین و نرخاندنیکی تایبەتی بۆ

توندوتیژی هەبێت و ئەم تیڕوانینەشی لە سیستمی بەها و فۆڕم و نرخە کۆمەڵایەتییەکانیدا بەرجەستە کردبێت"، (قانع، ٢٠٠٤: ٢١٢). مەحاڵە کۆمەڵگایەک هەبێت هیچ توندوتیژی و تاوانێکی تێدا نەبێت. توندوتیژی وەک نەخۆشییەکی کاتی نییە، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ململانێی مرۆڤایەتی ئەوا " توندوتیژی لە چیرۆکی ململانێی خوێناوی نێوان هابیل و قابیلەوە دەستی پێکردووە و چەندین فۆڕم و شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە، وەک ململانێی نێوان تاک و تاکێکی دیکە، یان تاک و گرووپ، دەستە و دەستە نێوان چینەکان و حکوومەت و دەوڵەتان"، (ئەلحەیدەری، ٢٠١٨، ٢١). هەتا مرۆڤەکان پێکەوە بژین و بەرژەوەندییەکانیان جیاواز بێت، توندوتیژی هەر بوونی دەبێت. چونکە" توندوتیژی لەدایک بوی ئەو هەلومەرجە تایبەتەیەیە کەتێیدا زمان بێدەنگ دەکرێت، سنوری ئاخاوتنی تەسکدەکرێتەوە و دیالۆگ بزر دەبێت"، (قانع، ٢٠٠٤: ٢١٦). دیالۆگیش واتە دانان بە بوونی بەرامبەردا وەک مرۆڤێکی خاوەن ماف و عەقڵ. کاتێک دیالۆگ نامێنێت، ئیمە چیتر بەرامبەر وەک کەسێک نابینین، بەڵکو وەک شتێک، یان کۆسپێک دەیبینین کە دەبێت لاببرێت. هەروەها (هانا ئارێنت) لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە سەیری توندوتیژی دەکات. بە بڕوای ئەو، کاتێک ڕێکارە یاسایی و سیاسییەکان (گفتوگۆ) دەگەنە بنبەست، توندوتیژی وەک کورترین ڕێگا دەردەکەوێت و دەڵێت توندوتیژی واتا "دەست پێشخەری کردن بۆ کارێک بەبێ لێکۆڵینەوە وئاخاوتن و بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکرێتەوە، تاقە ڕێگایە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی تەرازووی دادپەروەری"، (ئارێنت، ٢٠١٠، ١١). ئارێنت پاساو بۆ توندوتیژی ناهێنێتەوە وەک ڕێگایەکی دروست بۆ هەمیشە، بەڵکو وەسفی ئەو دۆخە دەکات کە چۆن توندوتیژی دەبێتە جێگرەوەی سیاسەت، کاتێک وشەکان بێدەنگ دەبن، توندوتیژی قسە دەکات. ئەگەرچی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا، توندوتیژی وەک دەستدرێژییەکی ماددی و پێشێلکاریی مافەکان پێناسە دەکەن، بەڵام وشەکان هەمیشە دەستەوەستانن لە ئاست وەسفکردنی قەبارەی ئەو وێرانکارییەی توندوتیژی لە ڕۆحی مرۆڤدا جێی دەهێڵێت. کاتێک باس لە چەمکی توندوتیژی دەکەین، دەکرێت پێناسە ئەکادیمییەکان بەس نەبن بۆ گەیاندنی ئازارەکان. بۆیە پەنا دەبەینە بەر ئەدەب، بەتایبەت ئەو دەقە ناوازەیەی (دلاوەر قەرەداغی) کە تێیدا جەوهەری توندوتیژی ڕووت دەکاتەوە و شاعیر بە زمانێکی شیعریی ئەوتۆ پێناسەی جەنگ و توندوتیژی دەکات کە لە سەرووی هەموو لێکدانەوەکانەوەیە؛ ئەو تەنها باسی جەستە ناکات، بەڵکو باسی کوشتنی خەون، دۆڕاندنی پێکەنین و خنکاندنی دەنگی شمشاڵ دەکات و دەڵێت:

کە شەڕ هەڵدەگیرسێ

دەستەکان لەگۆ دەکەون

قەڵەمەکان دەشکێن

شمشاڵ دەنگی دەنووسی

تەنها لە ئاشتیدا خەونەکان باڵ دەگرن و لای شەوانی گەرمی

نیشتمان دەبنە میوان..

**********

شەڕ و مومارەسەکردنی دۆڕاندنە

دۆڕاندنی هەموو شتێ

دۆڕاندنی شانازی و کیبریا و ئازادی ئینسان

دۆڕاندنی پێکەنین و گڕوگاڵ و دارەدارەیی منااڵ

شەڕ مومارەسەکردنی

مەرگ و وێرانی و کوشتنە

کوشتنی چرا وتابلۆکان و ڕەنگەکان

کوشتنی حەسرەت و خەون و خۆگەکان

(قەرەداغی، ٢٠٠٥: ٥٣). ئەم دەقە هێندە قوڵ و پڕ مانایە، خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی تەواوی توندوتیژییە و پێویستی بە شرۆڤە نییە، بەڵکو پێویستی بە تێڕامانە، وەک چونکە هەموو وشەیەک تێیدا برینێکە و پێویستی بە سارێژکردنە نەک شرۆڤەکردن.

بەپێی تێگەیشتنی نوێ، کە توندوتیژی تەنها لە توندوتیژی جەستەوە نییە، بەڵکو چەندین جۆری هەیە ئەوانیش:

توندوتیژی جەستەیی

توندوتیژی دەروونی

توندوتیژی کولتووری

توندوتیژی ئەخلاقی

توندوتیژی ڕەمزی

توندوتیژی بیرکردنەوە(فکری)

توندوتیژی زمانی

توندوتیژی بیرکردنەوە(فکری) بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەپاندنی بیروڕایەک، یان ئایدۆلۆژیایەک بەسەر ئەوانی تردا بە زۆر نەک بە گفتوگۆ، و ڕەتکردنەوەی مافی بەرامبەر لە جیاواز بیرکردنەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە چەک و فیشەک بەکارناهێنێت، بەڵام وشە، تۆمەت، و پیرۆزکردنی بیرۆکەکان بەکاردەهێنێت بۆ شکاندنی بەرامبە. توندوتیژی فیکری دایکی توندوتیژی جەستەییە، چونکە هیچ کەسێک کەسێکی تر ناکوژێت ئەگەر پێشتر لە مێشکی خۆیدا بڕیاری کوشتنەکەی نەدابێت. توندوتیژی فیکری پاساو و ڕەوایەتی دەدات بە کوشتن. هەروەک چۆن تیرۆریستێک پێش ئەوەی تەقینەوە بکات، تووشی توندوتیژی فیکری بووە مێشکی شۆردراوەتەوە پێیوایە، کە ئەوانی تر شایەنی کوشتنن. هەرچی توندو تیژی زمانیشە بریتییە لە (هەر واتایەکی ڕاستەوخۆ، وێنە، یان هێمایەکی زمانەوانی کە بە شێوەیەکی نادروست خۆی بەسەر کەسێکی تر دادەنێت، بۆ ئەوەی بە هۆشیار یان ناهۆشیار هەوڵ بدات کردار، هەست، یان هەڵوێستی ئەوی تر کۆنترۆڵ بکات. ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، چونکە کاتێک مرۆڤ وشەیەک دەبیستێت کە سووکایەتی، توهین، یان هەڵسەنگاندنی هەستەکانی تێدایە، ئەو وشانە هەستی توڕەیی و بێئاسایش دروست دەکەن و دەبن هۆی جوڵەی ناوخۆیی. لەم مانایەدا، توندوتیژی زمانی تەنها توندوتیژی جەستەیی نییە، بەڵکوو توندوتیژییەکی هەستی و دەروونییە، چونکە هەستەکان و بەرچاوکردنەکان بڕین دەهێنن)، (خلیل، ٢٠٢٢: ٤٤٦). مەبەست لە توندوتیژیش ڕەمزی دەچێتە ناو توندوتیژی زمانیەوە، ئەنترۆپۆلۆژیست و فەیلەسوفێکی بەناوبانگی فەرەنسی- بوو (پییێر بۆردیۆ) زاراوەی (توندوتیژیی ڕەمزی) بڵاوکردەوە و پێشنیاری کرد، تەنانەت یەکێک لە کتێبەکانیشی. هەر بەو ناوەوە داناوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە پشت بە گوتاری زمانیی توندوتیژ دەبەستێت. بۆردیۆ دەڵێت: "هەر هەژموونێک، یان هەر گوتارێکی زمانی، کە سەرکەوتوو بێت لە سەپاندنی واتای دیاریکراو بە ناوی واتای شەرعییەوە، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی هێزی لەپشتەوە شاردبێتەوە، ئەوا هێزێکی تایبەت زیاد دەکات بۆ ئەو پەیوەندییە هێزانە کە خاوەنی سروشتێکی ڕەمزیی تایبەتن، هەروەها دەشڵێت هەر چالاکییەکی زمانیی هاندەرانە بە شێوەیەکی بابەتی جۆرێکە لە توندوتیژیی ڕەمزی، چونکە وەک چەوسانەوەیەکی کولتووری لە لایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە دەسەپێنرێت)، (خلیل، ٢٠٢٢: ٤٤٥). دەتوانین بڵێین توندوتیژی تەنها لەو دیمەنە ئاشکرا و خوێناوییانەدا کورت ناکرێتەوە، کە شوێنەوارەکەی لەسەر جەستە بەجێ دەمێنێت، وەک کوشتن، لێدان، یان وێرانکاریی فیزیکی. بەڵکو جۆرێکی ترسناکتر و شاراوەتر لە توندوتیژی بوونی هەیە کە کار لەسەر سڕینەوەی هوشیاری و داگیرکردنی دنیابینیی مرۆڤ دەکات. ئەم جۆرە لە توندوتیژی بریتییە لە پرۆسەی سەپاندنی سیستمێکی زمانەوانی، فەرهەنگی، و بەهایی دیاریکراو بەسەر گرووپ یان تاکێکدا، بە شێوەیەک کە ئەو کەسە ناچار بکرێت لە ڕێگەی چاوی دەسەڵاتەوە سەیری خۆی بکات و خۆی بە کەمتر، نەگونجاو، یان ناکامڵ ببینێت. لەم چوارچێوەیەدا، توندوتیژی لە کردەیەکی زۆرەملێی دەرەکییەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی ناوەکی و نەرم. لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی پێویستی بەوە نامێنێت هەمیشە چەک بەکاربهێنێت بۆ ملکەچپێکردن، بەڵکو لە ڕێگەی داسەپاندنی پێوەر و نۆرمەکانەوە وا دەکات، کە تاکەکان خۆیان ملکەچی ئەو دۆخە بن و بە شتێکی سروشتی یان قەدەری تێبگەن. ئەمە ئەو ساتەیە کە قوربانییەکە بە زمانی

جەلـلادەکەی دەدوێت و بە چـاوی ئەو جیهـان دەبینێـت، بێ ئەوەی هەسـت بەوە بکات کە لەژێر کاریگەریی توندوتیژییەکی قووڵدایە.

ئەم توندوتیژییە شاراوەیە لەڕێگەی زمان و هێماکانەوە کار دەکات. کاتێک نەسەقێکی سیاسیی دیاریکراو هەڵدەستێت بە پیرۆزکردنی کۆمەڵێک وشە و چەمک و ناشرینکردنی کۆمەڵێکی تر، ئەوا بەبێ ڕشتنی خوێن، سنوور بۆ بیرکردنەوەی تاکەکان دادەنێت. بۆ نموونە، داسەپاندنی شێوەزارێک، ئایدیۆلۆژیایەک، یان شێوازێکی ژیان وەک تاکە پێوەری ڕاست و پێشکەوتوو، خۆبەخۆ هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم بازنەیەن دەخاتە خانەی دواکەوتوو یان لاوەکییەوە.

لە ئەدەب و شیعردا، ئەم ململانێیە بە زەقی ڕەنگ دەداتەوە. نەسەقی سیاسی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەقەوە ڕەوایەتی بەم باڵادەستییە بدات، لە بەرامبەردا دەقی شیعریی هەندێک جار دەبێتە ئامرازێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم توندوتیژییە و گەڕاندنەوەی بەها بۆ ئەو خودەی کە شکێنراوە. کەواتە، خوێندنەوەی توندوتیژی لە دەقدا، تەنها گەڕان نییە بەدوای وشەی شەڕ و خوێن، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو سیستەمە فکرییەی کە هەوڵ دەدات لایەنێک باڵادەست و لایەنێک ژێردەستە بکات، نەک بە زەبری هێز، بەڵکو بە زەبری ماناکان.

"کەواتە، توندوتیژی تەنها کردەیەکی فیزیکیی ڕووت نییە، بەڵکو ستراتیژێکی ئاڵۆزی مرۆییە بۆ خۆسەلماندن، ڕێکخستنی دەسەڵات، و پێناسەکردنی ناسنامە. لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا، ئێمە بەدوای دەرکەوتە شاراوەکانی ئەم توندوتیژییە فەلسەفییەدا دەگەڕێین لەناو دەقی شیعریدا؛ ئایا شاعیر چۆن (ئەویدیکە) وێنا دەکات؟ ئایا چۆن توندوتیژی بەکاردەهێنێت بۆ پیرۆزکردنی نەسەقێکی سیاسی دیاریکراو؟" (دڵشاد مەریوانی) لەم دەقەدا وێنای زۆربەی جۆرەکانی توندوتیژی دەکات و دەڵێت:

لە مێژەوە بەشەق لە دەرگاکان دەدەن

هاوار دەکەن (کێ پیاوە کێ؟ کێ لە ماڵە)

لەودیوو .. دەنگێکی کزۆڵە بۆی دەلەرزێ

ئەرێ قوربان پیاوت دەوێ؟ حاڵە

ئێمە پیاومان کەی لە ماڵە

شکور و موکر ئاگرە سوورە

لێمان دوورە

(مەریوانی، ٢٠٠٩: ٩٩). ئەم دەقەکەی دڵشاد مەریوانی دەرخەری نەسەقێکی نێرسالاریی سیاسی و دەسەڵاتی تۆتالیتار و ستەمکارە، کە وێناکەری، توندوتیژیی دەسەڵات دژی تاک یان کاریگەریی توندوتیژیی سیاسی لەسەر شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ توندوتیژی لە شێوەی بەزاندنی

پیرۆزیی ماڵ و دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەر دەردەکەوێت. شاعیر وێنەی دەسەڵاتێکمان بۆ دەکێشێت کە بە شەق گفتوگۆ دەکات، و تاکێکی کورد کە لە ترسی گیانی، ناچارە نکۆڵی لە بوونی خۆی و پیاوەتی خۆی بکات و بڵێت (پیاومان کەی لە ماڵە). ئەمە دەچێتە خانەی توندوتیژیی هێمایی و دەروونییەوە، کە تێیدا دەرخەری ئەو نەسەقە سیاسیی و خەوشە رۆشنبیرییە، کە هەوڵی سڕینەوەی ئیرادەی تاک دەدات، وێنەیەکی روونی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتێکی ستەمکار (دیکتاتۆر) نیشان دەدات بەرامبەر تاک. ئەم جۆرەی "توندوتیژی بەکارهێنانی ناڕەوایی هێزی مادییە بە چەند شێوەیەکی جۆرا و جۆر بە مەبەستی ئازار گەیاند بە تاکەکان و گرووپەکان و وێرانکردنی موڵک و ماڵیان لە نێویشیاندا شێوەکانی سزادان و ئەتکردن و دەستدرێژ کردنە جۆربە جۆرەکان و خۆهەڵقورتاندن لە ئازادیەکانی ئەوانیدیکە"، (ئەلحەیدەری، ٢٠١٨: ٢١). چونکە هەر کاتێک هێز بەکارهات بۆ ئەوەی مافی کەسێک پێشێل بکرێت، جەستەی ئازار بدرێت، شکۆی بشکێنرێت، یان ماڵەکەی تێکبدرێت، ئەوا توندوتیژی روویداوە. هەروەها (جەلیزادە) دەڵێت:

ئەو مردووەی

گۆڕەکەی خۆی ون کردبوو

سەری هەڵگرتەوە بۆ شار

شاری گوڵ و

نان و

رووبار

پێی سەیربوو

لەدەرگای ماڵەکەیانا نوسرابوو

(بەندیخانەی ژمارە هەزار)! (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٢٢). بەهەمان شێوە ئەم دەقەش نەسەقێکی سیاسیی ترسناک ئاشکرا دەکات، کە تێیدا دەسەڵات هەموو جوانی و ماناکانی ژیان دەشێوێنێت، کاتێک لەسەر دەرگای ماڵ دەنووسرێت (بەندیخانەی ژمارە هەزار)، ئەمە ئاماژەیە بۆ نەسەقێکی سیاسی کە تێیدا هەموو وڵات کراوە بە زیندان. ژمارە (هەزار) ئاماژەیە بۆ زۆریی ژمارەی زیندانەکان و ئەوەی کە ئەمە حاڵەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو سیستەمێکە هەموو کۆمەڵگای گرتۆتەوە. لە سیاسەت و دیموکراسیدا، ماڵ شوێنی ئارامی و ئازادییە، بەڵام لەم نەسەقە سیاسییەدا، دەسەڵات دەست دەخاتە قوڵایی ژیانی خەڵکەوە. هیچ شوێنێک نییە بۆ ئارامی، تەنانەت ماڵی خۆتیش موڵکی دەسەڵاتە و هەر کاتێک بیەوێت دەیکاتە زیندان. (حەسیب قەرەداغی) سەبارەت بە توندوتیژی و قرکردن دەڵێت:

دووگیانێکی زۆر ماندووم دی

وتم: خوشكێ ئەم سكەی تۆ

یاخوا كوڕبێ

وتی :زڕبێ

وتم: بۆچی وا ڕەش بینی

وتی: ئەی بۆ ئەمیش سبەی

بێ بە قۆچی قوربانی؟

وەكو باوكی، كە ڕۆیشت و كەس نەیزانی (قەرەداغی، ٢٠٠٢: ٤٧). ئەم دەقە وێنەیەكی تراژیدیی توندوتیژیی سیاسییە، چونكە نیشانی دەدات چۆن سیاسەتی ستەمكارانە تەنها جەستەی باوكەكان لەناو نابات، بەڵكو هیوای داهاتوو دەكوژێت و وادەكات دایكان حەز بە لەبارچوونی كۆرپەكانیان بكەن تەنها بۆ ئەوەی نەكەونە بەر دەستی ئەو دەسەڵاتە. ئەمە لووتكەی توندوتیژیی دەروونییە، چونكە بەپێی سروشت، دایك هیوا دەخوازێت منداڵەكەی لەدایك بێت و بژی. بەڵام توندوتیژیی سیاسی وای كردووە كە ئەم دایكە هیوا بۆ مردنی منداڵەكەی بخوازێت پێش ئەوەی لەدایك بێت. كاتێك سیستمێكی سیاسی ژیان هێندە تاڵ و بێبەها دەكات، كە نەبوون باشتر بێت لە بوون. دایكەكە پێی وایە گۆڕی منداڵەكەی لە سكیدا بێت، باشترە لەوەی لە دەرەوە بێت و ببێتە قوربانیی دەسەڵات.

ئەنجام:

١- لەم توێژینەوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ڕەخنەی ڕۆشنبیری بە پێچەوانەی ڕەخنەی ئەدەبیی باوەوە زۆر گرنگی بە لایەنی هونەری و **جوانیناسی و** ڕەوانبێژیی دەقەكان نادات، بەڵكو دەق وەك بەڵگەنامەیەكی ڕۆشنبیری و مێژوویی تەماشا دەكات.

٢-هەموو دەقێك هەڵگری دوو نەسەقە، نەسەقێكی ئاشكرا كە نووسەر بەرهەمی دەهێنێت و واتاكەی بە ئاشكرا لەنێو دەستەواژە و ڕستەكاندا هەستی پێدەكرێت، هەروەها نەسەقێكی شاراوە كە ڕۆشنبیری و كولتووری شاعیر و نووسەر ڕۆڵێ هەیە لە بەرهەمهێنانیدا و لە ژێر پەردەی ڕەوانبێژی و جوانیناسیدا شاردراوەتەوە و دەكەوێتە قوڵایی دەقەكانەوە.

**٣.** لێكۆڵینەوەكە لە ڕێگەی شیكردنەوەی نەسەقی سیاسییەوە دەردەكەوێت، كە دەسەڵات تەنها لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە كۆنترۆڵی كۆمەڵگەی نەكردووە، بەڵكو لە ڕێگەی هەژموونەوە كاریكردووە، بۆ ئەوەی ملكەچی و بێدەنگی بكاتە بەشێك لە كولتوور و بیركردنەوەی تاك. نموونە شیعرییەكان ئەوە دەسەلمێنن كە سیستەمی سیاسی هەوڵیداوە تاكەكان لە هاوڵاتییەوە بگۆڕێت بۆ شوێنكەوتوویەكی بێ ئیرادە.

٤- لە ڕیگەی دەقە كوردییەكانەوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، كە توندوتیژی تەنها ئازاری جەستەیی نییە، بەڵكو شێوازی مەترسیدارتری هەیە، وەك توندوتیژیی ڕەمزی، زمانەوانی و فیكری بوونیان هەیە. دەقەكان نیشانی دەدەن كە چۆن دەسەڵات زمانی گفتوگۆی كوشتووە و ترس و تۆقاندنی خستۆتە ناو قوڵایی ژیانی تایبەتی تاكەكانەوە

٤- له ئەنجامی شیکردنەوەکانەوە دەردەکەوێت کە بەشێک لە شاعیرانی کورد (وەک لە نموونەکانی ع.ح.ب، دڵشاد مەریوانی، قوبادی جەلیزادە... هتد)، توانیویانە لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە ئەو ماسکە ئیستاتیکی و پیرۆزەی دەسەڵات دابڕن. دەقەکان وەک کەرەستەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری و ئاشکراکردنی دۆخی ناهەمواری مرۆڤی کورد دەردەکەون، نەک تەنها وەک پارچە شیعرێکی هونەری.

**لیستی سەرچاوە کوردیەکان:**

**سەرچاوەکان بە کوردی:**


- ئەسوود، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٩، ڕەخنەی ڕۆشنبیری، ڕەخنەی چاودێر ژمارە ١٧٢.
- ئەسودەد. نەوزاد ئەحمەد، (٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چ١، سلێمانی، غەزەلنوس.
- ئەسودەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٢٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- ئەلحەسەن، د. ئیحسان محمد، و/ دانای مەلا حەسەن، ٢٠١٢، ئینسکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، چاپخانەی سەردا، سلێمانی. - ئەلحەیدەری، د.ئیبراهیم، ٢٠١٨، سۆسیۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، و/ دانا مەلا حەسەن، چ١، دەزگای سەردەم، سلیمانی.

- ئارێنت، هانا، ٢٠١٠، دەربارەی توندوتیژی، و/ حەمەڕشید ،چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- بەرزنجی، ئازاد، ٢٠٠٥، لاپەڕە ڕەشەکان، کۆمەڵە وتار ،چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی. - جەلی زادە، قوبادی،٢٠٠٥، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- سامر، فازڵ، ٢٠١٧: ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەچێتە دەرەوەی دەق، لە تێگەیشتن لە دەقەوە دەگۆڕێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆشنبیری، ڕەخنەی چاودێر ژمارە (٥٦٣).
- جەلی زادە، قوبادی،٢٠٠٥، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- ڕەفیق، فاروق، ١٩٩٨، دەسەڵات و بەرگری، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سوید.

- ع ح ب، دیوانی ع.ح.ب، ٢٠١٣، چ١،چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- عەلی، ئەبوبەکر، ٢٠١٠، کاسکێتەکەم بسپێرن بە پایز، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- خضر و محمەد ، سیروان واحد ، فەرهەنگ مضفر، ٢٠٢٢، ڕۆمانی (هۆتێل ئەورووپا)ی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی٢٦، ژمارە ٦.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- حەمەفەرەج، دیلان سـەلام،٢٠٢٤، کلتـوور لە ڕۆمـانی ئێـوارە پەروانەی بەختیـار عەلیـدا، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

- فـرۆم، ئەریـک، ئەرکەکەی فرۆیـد،٢٠١٣، و/ کامیـل مـحەمەد قەرەداخی، چ١، چاپخـانەی شڤان، سلێمانی.

- قانع، مەریوان وریا، ٢٠١٧، ئەخلاق و بەرگریی، سەرەتایەک بۆ کارەکانی میشێل فۆکۆ، چ١، ئەندێشە.

- قانع، مەریوان وریا، ٢٠٠٤، شوناس و ئاڵۆزی، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- قـانع، مەریـوان وریـا، ٢٠٠٠، دەسـەڵات و جیـاوازی، کـۆمەڵە وتـار، چ١، دەزگای سـەردەم، سلێمانی.

- قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٠٥، ماڵێک لەناو زەریا، ماڵێک لە تەنیشت نیشتیمان، چ١، هەولێر.

- قەرەداغی، حسیب، ٢٠٠٢: فەرهەنگی غەم، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،

- مەریوانی، دڵشاد، ٢٠٠٩، کۆبەرهەمی دڵشاد مەریوانی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- مەنتـک، ٢٠٢٣، ڕەخـنەی ئەدەبی، خوێنـدنەوە لە پێنـاو تێڕوانیـنی نوێـدا، چاپخـانەی کارۆ، سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە عەرەبی:**

- ايزابرجـر، ارثـر، ٢٠٠٣، النقـد الثقـافي تمهيـد مبـدا للمفـاهيم الرئيسـية، ط١، قـاهرة، مجلس الاعـلى الثقافـة. -- الفونسـو، ريكـاردو ميجيـل،٢٠١٧، ادوارد سـعيد والدراسـات الثقـافيه، ترجمه/رانية خلاف، فصول، المجلد(٢٥/٣)، العدد(٩٩).

- خليل، د.سمير،٢٠١٣، االنقد الثقافى من النص الادبى الى الخطاب.ط١،بغداد، دارالجواهرى.

- خليل، سمير،٢٠٢٢: دليل مصطلحات الدراسات الثقافية والنقد الثقافي،ط٢، اتحاد الادباء، بغداد
- حمد، الدكتور، عبدالله خضر، (بلا)، مناهيج النقد الادبى، بيروت، دار التعليم.
- الخليل، سمير، ٢٠١٣، النقد الثقافي من النص الادبي الى الخطاب، ط١، بغداد، دار الجواهري.

List of Kurdish sources:
Sources in Kurdish:
-Assood, Nawzad Ahmad, 2009, Rakhney Roshnbiri, Rakhney Chawder No.

-Aswad. Nawzad Ahmad, (2015) Dictionary of Terms of Literature and Humanities, Vol. 1, Sulaimani, Ghazalnus.
-Aswad, Nawzad Ahmad, 2025, Dictionary of Terms of Literature and Humanities, Vol. 1, Karo Printing House, Sulaimani.
-Al-Hassan, Dr. Ihsan Mohammed, w/ Dana Mullah Hassan, 2012, Encyclopedia of Sociology, Sarda Printing House, Sulaimani. - Al-Haidari, Dr. Ibrahim, 2018, Sociology of Violence and Terrorism, W/ Dana Mullah Hassan, Vol.1, Sardam Publishing House, Sulaimani.
-Arendt, Hannah, 2010, About Violence, w/ Hamarshid, vol. 1, Roon Printing House, Sulaimani.
-Barzanji, Azad, 2005, Lapara Rashkan, Komala Articles, Vol. 1, Sardam Publishing House, Sulaimani. - Jalizadeh, Ghobadi, 2005, Martyr walks alone, vol. 1, Tişk Printing House, Sulaimani.
-Samer, Fazel, 2017: Cultural Criticism Goes Beyond the Text, Shifts from Understanding the Text to Researching Culture, Observer Criticism No. (563.(
-Jalizadeh, Ghobadi, 2005, Martyr walks alone, vol. 1, Tişk Printing House, Sulaimani.
-Rafiq, Farooq, 1998, Power and Defense, Vol. 1, Rahand Printing House, Sweden .
-AHB, Diwani AHB, 2013, Vol. 1, Kamal Printing House, Sulaimani.
-Ali, Abubakr, 2010, Entrust my casket to autumn, Vol. 1, Karo Printing House, Sulaimani .
-Khader and Mohammed, Sirwan Wahid, Farhang Muzaffar, 2022, Farhad Pirbal's novel (Hotel Europe) from the perspective of cultural criticism, University Journal of Humanities, Volume 26, No .
-Hama Faraj, Dilan Salam, 2024, Culture in Bakhtiar Ali's Novel Evening Parwana, Andesha Printing House, Sulaimani.
-Fromm, Eric, Freud's Mission, 2013, w/ Kamil Mohammed Karadakhi, vol. 1, Shvan Printing House, Sulaimani .
-Qane, Mariwan Warya, 2017, Ethics and Defense, An Introduction to the Works of Michel Foucault, Vol.
-Qane, Mariwan Warya, 2004, Identity and Complexity, Vol. 1, Ranj Printing House, Sulaimani.
-Qane, Mariwan Warya, 2000, Power and Difference, Collection of Articles, Vol. 1, Sardam Publishing House, Sulaimani.
-Qaradaghi, Dilawar, 2005, A House in the Sea, A House next to the Country, Vol. 1, Erbil .
-Qaradaghi, Hasib, 2002: Dictionary of Gham, Volume 1, Ch1, Aras Printing House, Erbil,

-Mariwani, Dilshad, 2009, Collection of Dilshad Mariwani, Vol. 1, Aras Printing House, Erbil.
-Mantak, 2023, Literary Criticism, Reading for a New View, Karo Printing House, Sulaimani.
Sources in Arabic:
-Isaberger, Arthur, 2003, Cultural Criticism Introduction to Presidential Concepts, Vol. 1, Cairo, Supreme Council of Culture. -- Al-Fonso, Ricardo Miguel, 2017, Edward Saeed and Cultural Studies, translated by Ranya Khalaf, Volume, Volume (3/25), Number (99.(
-Khalil, Dr. Samir, 2013, Cultural Criticism from Literary Texts to Address. Volume 1, Baghdad, Dar al-Jawahiri.
-Khalil, Samir, 2022: Guidelines for Cultural Studies and Cultural Criticism, Volume 2, Union of Literature, Baghdad
-Hamad, Dr. Abdullah Khader, (Bla), Minahej al-Naqd al-Adabi, Beirut, Dar al-Taalim.
-Al-Khalil, Samir, 2013, Cultural Criticism from Literary Texts to Al-Khattab, Volume 1, Baghdad, Dar Al-Jawahari.